بواری دەروونناسی

- مستەفا پەژار -

پێشەکی

لەبەر گرنگی ی لایەنی مرۆڤایەتی لە کردەی پەرەسەندنی شارستانەتی دا؛ بابەتەکانی «دەروونناسی» کەوتوونەتە ریزی پێشەوەی بابەتەکانی هەر زانستێکی دیکە. هەرچەند بنچینەی پێشکەوتنی شارستانەتی هەر تەنیا مرۆڤ نی یە، ئابووریشە، بەڵام هەر مرۆڤە کە سەرچاوەکانی ئەم ئابووری یە دەخاتە گەڕو دەیانکاتە مایەی ژیان و گوزەرانەکەی خۆی.

مرۆڤ کۆڵەگەی کارکردن... بەرهەم هێنان... ئابووری... کارگێری... رامیاری... زانست... هونەرە؛ بۆیە یاساو سەرەتاکانی دەروونناسی، بە راشکاوی، هەنگاو بەرەو لایەنە جۆربە جۆرەکانی ژیانی ئەمرۆی بەرەبەری کۆتایی سەدەی بیستەم دەهاوێن.

دەروونناسی زانستێکە، روونکردنەوەو چارەسەر کردنی گیروگرفتە زۆرو زەوەندەکانی مرۆڤی بە خۆیەوە گرتووەو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بایەخێکی زۆر بەم زانستە دەدەن و لەم بوارەدا زۆر پێشکەوتوون.

مخابن، تا ئێستا، هیچ لایەنێکی بابەتەکانی ئەم زانستە روون نەکراوەتەوەو بە تێروتەسەلی لە بارەیەوە بە زمانی کوردی نە نووسراوە.

رەنگە هۆی ئەم دیاردەیە نەبوونی زاراوی دەروونناسی بەکوردی‌و نەخوێندرانی ئەم زانستە بە کوردی‌و هەڵنەکەوتنی زاناو پسپۆری کوردی‌زان بێت. بە هەر حاڵ، بواری نووسینی دەروونناسی بە کوردی هێشتا بەیارەو ئەم بەیاری یە بارێکی قورس و ماندووبوونێکی زۆرو بەرپرسیاری یەکی مێژوویی دژوار دەخاتە ئەستۆی سەرشانی هەر نووسەرێکی بەکوردی نووسی، هەر بابەتێکی ئەم زانستە...

ئێمە، لێرەدا، لە پێناو بناخە بۆ دانانێکی ئەم زانستە بەرفراوانە گرنگەدا بەکوردی، هەوڵ دەدەین بوارو ئامانج و بەشەکانی دەست نیشان بکەین و روونیان بکەینەوە.

بواری دەروونناسی

مەبەست لە بواری هەر زانستێك ئەو گۆرە پانەیە کە تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانا پسپۆڕەکانی سەر بەم زانستەی ئاراستە دەکرێت.

فیزیا لە گۆڕانە سروشتی یەکانی مادی یان (مایەکیەتی)و گۆڕانی وزە دەکۆڵێتەوەو کیمیا لە تێك چرژانی توخمەکان و دروست بوونی توخمی نوێ بە هۆی ئەم تێك چرژانەوە دەکۆڵێتەوە..

دەروونناسی لە رەوشت دەکۆڵێتەوە. کە رەوشت بوّتە بواری دەروونناسی مانای ئەوە نی یە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زانستەوە وا بووە؛ نەخێر، دەست نیشانکردنی ئەم بوارە هەر وا سووك و ئاسان نەبووە، بەڵکوو بینە و بەردەو مشت ومڕێکی زۆری لەسەر کراوە. بەر لە ساڵی ١٩٠٥دا، هۆش، یان رووداوە. هۆشی یەکان، یان هەست، یان شارەزایی بە بواری لێکۆڵینەوەی دەروونناسی دادەنرا، بەر لەویش گیان، یان رەوان بە سەرباسی دەروونناسی دانرابوو. لە ساڵی ١٩٠٥ دا ویلیەم ماکدوگل بۆ جاری یەکەم لە مێژووی ئەم زانستە دا (رەوشت)ی بە بواری دەروونناسی بە خەڵك ناساند کە گوتی: (رەوشت زانستێکی بابەتیانەی زیندەوەرانە».

پاش ئەمیش (پللسبوری)، لە ساڵی ١٩١١دا، کە کتێبی (بنچینەکانی دروونناسی: Essentials of psych) خۆی بلاوکردەوەو لە ئەمەریکادا وەك سەرچاوەیەکی پشت پێ بەستراو قوستراپەوە گوتی:

«وەسا پێناسەی دەروونناسی کراوە کە زانستی هەستە، یان زانستی شارەزایی کەسایەتی یانەیە، . ئەم دوو پێناسەیە هەرچەند هەندێ سوود دەبەخشن، بەڵام لە لایەکی ترەوە کەم وکووریان گەلێك زۆرە.. و دەروونناسی ـ باشترین پێناسەکردنی ـ ئەوەیە کە زانستی رەوشتی مرۆڤە»

بەکورتی، لەوەودوا، زۆربەی زانا دەروونناسی یەکان لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە (رەوشت بواری دەروونناسی)[1]

مانای وشەی رەوشت

أ ـ رەوشت لە زمان دا: رەوشت وشەیەکی لێك دراوە؛ لە وشەی (رەو)و پاشگری (شت) پێکهاتووە.

(رەو)[2] رەگی فرمانی (رۆیی، دەڕوات، بڕۆ)یە، (رۆیین یان رۆیشتن) چاوگیەتی‌و (رەوت یان رەوشت) کە بە لکاندنی (ت،شت) بە رەگەکەوە (رەو) پێکهێنراون، ناوی (کردە)ن.

لەسەر بناخەی ئەم بۆچوونەدا «رەوت»و «رەوشت» یەکن و ناوی کردەی رەو ـ کە جوولانەوەی بەرەو پێشەوە دەگەیەنێت ـ بە خۆیانەوە دەگرن، واتا رەوکردن یان رۆیین یان رۆیشتن.

کە وابێت، رەوشت؛ کردەی یان کردەوەی بەرەو پێشەوەی زیندەوەرانە.[3]

لە عەرەبیش دا، (السلوك) کە بۆ بواری دەروونناسی دانراوە لە فرمانی (سلك)ەوە کە مانای (رۆیشتن بە...) دە گرێتەوە، (سلك طريقا) واتا رێگایەکی گرت بۆ پێدا رۆیشتن، بەو پێ یە (السلوك) گرتنی رێگەیەك بۆ پێدا رۆیشتن دەگرێتەوە. لە ئینگلیسیش دا، behaviour لە فرمانی (behave)ەوە هاتووە و واتا هەڵسوکەوتی کرد یان بە شێوەیەکی تایبەتی جولایەوە.

ب ـ مانای رەوشت لە دەروونناسی دا.

رەوشت، لە (دەروونناسی)دا واتا هەر کردەوە یان جم وجوول و یان هەر چالاکی یەکی زیندەوەر.

رەوشت، زاراوێکی واتا بە قەد واتای ژیان فرەوانەو بۆ ئەوەی بە چاکی

تیَ ی بگـەین پێـویستـە لەو پەیـوەنـدی‌یـە دینـامیکی‌یـەی نێـوان زینـدەوەرو شوێنەوارەکەی بگەین.

شوێنەواری زیندەوەر سەرجەمی ئەو بارودۆخانەیە کە زیندەوەرەکەی تێدا دەژیت:

١ ـ بارودۆخی سروشتی وەك: شوێنی جوگرافی‌و گەرمی‌و شێ‌و رووناکی‌ی ئەم شوێنە.

٢ ـ بارو دۆخی کۆمـەلایـەتی وەك یاسـاو نەریت و خوەکـانی ئەم کۆمـەلـەو بارودۆخی ئابـووری‌و، رۆشنبیـری‌و، رامیـاری... بەشـەکانی ئەم لایەنەن. مرۆڤ، هەر لە کاتی پەیدابوونی‌یەوە، لەگەڵ شوێنەوارەکەی تێك دەئاڵێن و هەریەکەیان کار لەوی‌دی دەکات.

مرۆڤ، لە پێنـاو ژیـانـەکـەی‌دا، کە بۆ وەدەست هێنـانی خواردەمـەنی، جل وبەرگ، جێگەیەك بۆ حەسانەوەی خەبات دەکات و بۆ قایل کردنی حەزو ئارەزووە جۆر بەجۆرەکانی تێ‌دەکۆشێت گەلێك کۆسپ و تەگەرەو گیروگرفتی سروشتی‌و کۆمـەلایـەتی‌ی رووبـەروو دەبێت و ناچـار دەبێت کالأی ویست و داخوازی‌یەکانی بە بالأی ناو شوێنەوارەکەی‌دا بگرێت و هەندێکیان لێ کەم کاتـەوە و بەم بارۆدوخـانـەی شوێنـەوارەکـەی خۆی، خۆی رابهێنێت، یان شێوازی لەبـار و بە کەلـك بدۆزێتـەوە بۆ گۆڕینی لایـەنـە ناهـەمـوار و نالـەبار و ناخۆشەکانی‌و دەبێت فێری ئەوە بێت کە بە بێ گوێ‌دانە نەریتی کۆمەڵەکەی نابێت حەزو ئارەزووەکانی تێر بکات.

بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەش پێویستی بە بیرکردنەوەو هەڵسـەنگـانـدن و خستنـەکـاری ژیـری‌یـەکـەیەتی. مرۆڤ، لەو ململانێ‌یە بێ‌وچانەدا، تووشی جۆرەها بینەوبەردەو، سستی‌و چالاکی و، قایل بوون و نارازی‌بـوون، ترس و تووڕەیی، خۆشـەویستی و رك لێ‌بـوونـەوە، پێ‌یـەك لەپێش و پێ‌یـەك لەپـاش، سەرکـەوتن و ژێـرکەوتن دەبێت و وای لێ‌دێت ئەم جۆرە رەوشتە پەسند بکات و لەسەری بڕوات و جۆرە رەوشتێکی دیکە رەت بکاتەوەو وازی لێ‌بهێنێت.

لەم کارەشی‌دا، تووشی جورەها ورووژان و ویستن و بیرکردنەوەو هەلگێر و وەرگێـرکـردن و نەخشـەدانـان دەبێت و فێـر دەبێت ئەوەی لە دەروونی‌دایە یان ئەوەی هەستی پێ دەکـات بە وشـە یان جوولـە یان ئاماژەکـردن دەربڕێت. هەموو ئەم چالاکی و جم وجووڵ و کردەوانە لە سنووری واتای رەوشت دا خۆیان دەگرنەوە.

بەشێوە دەربڕینێکی دیکە، گۆڕانە فیزیایی‌و کیمیایی‌یەکانی شوێنەوار کار لە زینـدەوەر دەکـەن و هانی دەدەن بۆ بەرپـاکـردنی جۆرە کردەوەیـەك، جا ئەم کردەوەیـە چ لە ناوەوەی زینـدەوەرەکـەوە بێت و دیـار نەبێت و چ لە دەرەوەی بکەوێتە بەرچاوان؛ بە رەوشت دەناسرێت.

مەبەست لە رەوشتی نادیاری زیندەوەر ئەو کردانەی ناوەوەیەتی کە بە چاو لە دەرەوە نابینرین و لە کەسەکە بەولاوە کەسێکی دیکە پێ‌ی نازانێت، وەك: ورووژان، بیرکردنەوە، بیرکەوتنەوە، بیناندن...

رەوشتی دیاریش ئەو کرد ''ەن، کە بێجگە لە خاوەن رەوشتەکە، کەسانی دیکـەش لە دەرەوە دەتـوانن ئەم جۆرە رەوشتـانـە چاوەدێـری بکـەن وەك: رۆیشتن، پێ‌کەنین، گریان، قسەکردن، نووسین، یاری‌کردن...

؟ەکـرێت بە شێـوەیـەکی دیکـەش، رەوشت بکـەینـە دووجـۆر، ویستـە رەوشت و نەویستـە رەوشت. ویسـتـە رەوشت ئەوکـردەوانـەیـە کە مرۆڤ هـەوەستی خۆی بەرپـایـان دەکات و خۆی ئاگای‌لێ‌یانە وەك: خوێندنەوە، نووسین، رۆیشتن، گوێ‌گرتن (بیستن)....

نەویستـە رەوشتیش ئەو چالاکی‌یـانـەیـە کە بە بێ ئەوەی خۆی ویستبێتی‌و ئاگای لێ‌یانەوە بێت روو دەدەن وەك سوڕانەوەی خوێن و رژاندنی هۆرمۆن لە لایەن لوەکانەوە...

لایەنەکانی رەوشت

وەك بۆمان روون بووەوە کردەوە جۆر بەجۆرەکانی مرۆڤ بەرانبەر بە دنەدەرە جۆربەجۆرەکانی شوێنەوار رەوشت پێك دەهێنن.

هەرچەند رەوشت یەکەیەکی یەکگرتووی نەپچڕاوە بەلأم بۆمان هەیە سێ لایـەنـی لە یەك جیـاوازی لێ دەستێشـان بکـەین و هەرسێکیـان لە هەر وەلأمدانەوەیەك یان کاردانەوەیەك دا کە لە لایەن مرۆڤەوە بەرامبەر دنەدەرەکان بەرپا دەبێت هەن.

ئەم سێ لایەنەش ئەمانەن:

١ ـ لایەنی زاناندن. ٢ ـ لایەنی ورووژان. ٣ ـ لایەنی جوولاندن.

بۆئـەوەی بە ئاسـانی لەم سێ‌لایـەی رەوشت بگـەین؛ با لەم هەڵـوێستـە وردبینەوە:ـ ئازاد و نەوزادو شێرکۆ لە شوێنێك دا دانیشتبوون لە پڕێکا ئازاد چاوی بە مارێکی گەورە کەوت و ترساو بەدەم راکردنەوە هاواری‌کرد: کورە هەڵسن مارە!

نەوزادو شێـرکـۆش یەکسـەر هەڵسـان و بە ڕاکـردن لە شوێنـەکـە دوور کەوتنەوە. دەوجا با هەر لایەنێکی رەوشت بخەینە ناو خانەیەکەوە:

١ ـ لایـەنی زانـانـدن: دیتن و ناسین و زانینی زیـانی مارەکـە لە لایـەن ئازادەوەو تێ‌گـەیشتنی مانـای «کـورە هەڵسن مارە» لەلایـەن نەوزادو شێرکۆوە دەخرێتە ناو ئەم خانەیەوە.

٢ ـ لایـەنـی ورووژان: ترسـانـی ئازاد، بە هۆی دیتـن و ناسینـەوە و بیـرکـەوتنـەوەی زیـانی مارەکـەو ترسانی دوو برادەرەکەی بە هۆی تێ‌گەیشتنی (کورە، هەڵسن مارە) دەخرێتە ئەم خانەیەوە.

٣ ـ لایەنی جوولان: راپەڕین و راکردن و هاوار کردنی ئازادو هەڵسان و بە راکردن دوور کەوتنەوەی نەوزادو شێرکۆ لە شوێنەکە شیاوی ئەم خانەیە.

وەك ئاشکـرایـە هەرسێ لایـەنـەکەی رەوشت پەیوەندی‌یەکی توندوتۆڵی بە هێزیان بە یەکترەوە هەیە، ئەگەر بهاتایە، ئازاد هیچ جۆرە شارەزایی‌یەکی لە بارەی مارو زیانی مارەوە نەبوایە ئەوا لە مارەکە نە دەترسا و را نە دەپەڕی و رای نەدەکردو هاواری نە دەکرد.

دوو برادەرەکەشی، ئەگەر بهاتایە، کورد نەبوونایەو لە واتای هاوارەکەی نە

گەیشتنایە ئەوا ئەوانیش نە دەترسان و هەڵنەدەستان و رایان نە دەکرد.

بە کورتی لایەنی زاناندن لە رەوشتدا، کردە بیری‌یەکانی وەك: بیرکردنەوە و ناسینەوە و بیرکەوتنەوەو ئەندێشەو بیناندن دەگرێتەوەو لایەنی وروژانیش، گۆرانە جۆر بە جۆرەکانی بارودۆخە دەروونی‌یەکانی وەك ترس و توورەیی و شادی وخەمگینی، دڵتەنگی، پەستی کە هاوشان لەگەڵ کردەوەیەك دا روو دەدەن دەگرێتەوە.

لایەنی جولاندنیش: جولاندنی هەموو لەش یان ئەندامێك لە ئەندامەکانی ئەم لەشە دەگرێتەوە وەك راکردن، قسەکردن، پایسکل لێخورین، نووسین. . .

دەروونناسی وەك لێکولینەوەی زانستیانەی رەوشت

لەمەوبەر گوتمان رەوشت ئەو بوارەیە کە لێکولێنەوەو توژینەوەی زانا پسپۆرەکانی (دەروونناسی) ئاراستە دەکرێت. لێرەیش دا بە پێویستی دەزانین - زۆر بە کورتی - پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەین کە هەنگاوەکانی لێکولێنەوەی ئەم زانستە هەمان هەنگاوەکانی زانستیانەی زانستەکانی دیکەیە؛

١ - هەستکردن بە گیروگرفتێك و دەستنیشانکردنی.

٢ - کۆ کردنەوەی زانیاری بە گەران و سوراخ کردن.

٣ - گریمانە دانان و هەڵسەنگاندنی ئەم گریمانانە و هەڵبژاردنی گریمانەی لەبار

٤ - لێکدانەوەی زانیاری‌یە کۆکراوەکان و گەیشتنە ئەنجام و چارەسەرکردنێکی گیروگرفتەکە.

٥ - رانانی ئەنجامەکان لە هەڵوێستی دیکەدا.

لە لایەکی دیکەوە، دەروونناسی رێگەو شێوازی تایبەتی‌ی فرەچەشن و جۆربەجۆری خۆی هەیە کە لە لێکولینەوەکانی خۆیدا لەسەریان دەروات یان دەیانگرێت وەك:

١ - سەرنجدانی زانستیانەی رێك وپێك.

٢ - وتوویژی رووبەرو.

٣ - راوەرگرتن.

٤ - بەکارهێنانی پێوانە یان پێوەرە دەروونناسی‌یەکان.

٥ - ئەزموون و تاقی کردنەوە.

ئەم رێگەو شێوازانەی سەرەوە بۆ کۆ کرد نەوەی زانیاری بەکار دەهێنرین و هەریەکە یان چەند جۆرو بەشێك و مەرجی پیرۆکردنیان هەیەو لێرەدا ناتوانین بە دلوور و درێژی باسیان بکەین و بە وەندە واز دەهێنین.

گیروگرفتەکانی دەروونناسی یان بابەتەکانی رەوشتیش فرەچەشن و جۆربەجۆرن وەك: رەوشتی خۆرسك و رەوشتی وەدەست هێنراو، رەوشتی زیرەك و رەوشتی دەبەنگ، رەوشتی ئاسایی و رەوشتی نائاسایی رەوشتی ئاسایی و رەوشتی نائاسایی رەوشتی ناکۆمەلایەتی، رەوشتی تاك و رەوشتی گەلەو رەوشتی کارامەو رەوشتی کەودەنی، رەوشتی بەردەوام و رەوشتی گۆراو.

بۆ ئەوەی پتر ئەم گیروگرفتانەشمان بۆ روون بێتەوە با بزانین پسپۆرانی دەروونناسی چ پرسیارێك دەکەن:-

ئەری بیرکردنەوە چی‌یە؟ مرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە؟ ئایا شوێنی تایبەتی بیر کردنەوە هەیە لە مێشك دا؟ بۆ بیردەکەینەوە؟ تا چ رادەیەك وروژانێکی بە تەوژم کار لە بیرکردنەوە دەکات؟

کردەی فێربوون چی‌یە؟ چۆن روو دەدات؟ بۆ فێردەبین؟ ئەو هۆکارانەی کردەی فێربوون ئاسان دەکەن یان پەك دەخەن کامانەن؟ ئایا راستە فێربوون لە منالی‌دا خێراتر و باشترە لە کاتێکی دیکەدا؟

چۆن رابردوومان بیردەکەوێتەوە؟ بۆچی هەندێ شت لەبیردەکەین و هەندێکی دیکەیان نا؟ ئایا دەتوانرێت کار لە بیرکەوتنەوە بکرێت؟ چۆن دیاردەکان دەبینین و دەبیستین و دەناسینەوە؟ ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر هۆش چین؟ بۆ خەڵك لەبارەی زاناندنەوە لە یەك جیاوازن؟

مەبەست لە ئاگالی‌بوون یان ئاگالی نەبوون چی‌یە؟

ویستە چی‌یە؟ چۆن ویستەکار بەرپا دەبێت؟ بۆ هەندێ کەس راران لە کاتی بریار دانیان دا؟ مرۆڤ بۆ دەوروژێت؟ چ پەیوەندی‌یەك لە نێوان ئاژۆ دەروونی‌یەکان و وروژانی مرۆڤ دا هەیە؟

زیانی وروژانی بە تەوژمی وەك ترس و توورەیی چی‌یە؟ ئایا تا چ رادەیەك کار لە جەستە دەکات؟

ئایا دەتوانین گەمارۆی وروژان بدەین؟ خەون چی‌یە؟ بۆ روو دەدات؟ ئاژۆو هۆیەکانی چین؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دەروونناسی هەوڵ دەدات وەلامیان بداتەوە.

ئامانجەکانی دەروونناسی

هەر زانستێك، بە هۆی پێرۆ یان شێوازە زانستیانەکەیەوە - کە لە لێکولێنەوەدا رەچاویان دەکات - زانستە.

ئەو شێوازو پێروانەی دەروونناسی لە لێکولێنەوەکانی‌دا رەچاوی دەکات، لە بنەرەت دا لەگەڵ ئەو پێرۆو شێوازانەی کە زانستەکانی دیکە بۆ وەدەست هێنانی زانیاری بەکاریان دەهێنن یەك دەگرێتەوە. ئەم شێوازو پێرۆیانەش چەند پێوانە یان پێوەریکیان هەیە کە دەسنیشانی سوودو بایەخەکانیان، لەبارەی کۆ کردنەوەو رێکخستنی زانیاری‌یە دەروونناسی یەکانەوە دەکات و ئەوانیش ئەمانەن:

١ - لێکدانەوە یان تێ‌گەیشتن.

٢ - پێشبینی.

٣ - گەمارودان control

١ - لێکدانەوە یان تێ‌گەیشتن: ئامانجی هەر زانستێك، لەوانەش دەروونناسی، دۆزینەوەی پێوەندی‌یەکانی نێوان دیاردە جۆر بەجۆرەکانە. لە راستیش دا، دۆزینەوەی پێوەندی‌یەکان و تێ‌گەیشتن و لێکدانەوە یەك کردەوەیە. تێ‌گەیشتنی دیاردەیەك، واتای ئەوەیە ئێمە جۆرە پێوەندی‌یەکی ئەم دیاردەیە و دیاردەکانی دیکەمان دۆزیوەتەوە یان لێکمان داوەتەوە.

نەبوونی یان نەدۆزرانەوەی پەیوەندیی دیاردەك بە دیاردەکانی دیکەوە تێ نەگەیشتنی ئەم دیاردە دەچەسپێنێت.

کە وابێت، زانین و تێگەیشتن بە دۆزینەوەی پەیوەندییە جۆر بە جۆرەکانی نێوان دیاردەکانەوە نەبێت نابێت.

ئێمە، لەبەر رۆشنایی رووداوە پێشینییەکانەوەو ئەو بارودۆخانەی لە دیاردەیەك ئاڵاون لە دیاردەیەك دەگەین، بۆ نموونە:

ئەگەر ئێوارەیەك گەڕایتەوەو دیتت شتو مەکەکانی ماڵەکەت لەم لاو لەولادا بڵاو بۆتەوە وای بۆ دەچیت کە رەنگبێت کەسانێك بۆ دزی یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکە هاتۆتە ناو ماڵەکەت و وای کردوە.

٢ ـ پێشبینی: واتای ئەوەیە؛ بە گشتی بتوانرێت یاسایەك یان جۆرە لێکدانەوەیەك، لە ئایندەدا، بەسەر هەڵوێستی دیکەدا رابنرێت، بۆ نموونە: یاسای پەیوەندیی نێوان گەرمیو تەنە رەقەکان ئەوەمان بۆ دەردەخسێنێت کە پێشبینی شەت بوونەوەی سکەی شەمەندەفەر بکەین ئەگەر هیچ بۆشاییەك لە نێوان بەشەکانیدا نەبێت، کاتێ کە شەمەندەفەر بەسەریدا بڕوات و گەرمی بکات.

٣ ـ گەمارۆدان control ئەمەش گەمارۆدانی ئەو بارودۆخانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی روودانی دیاردەکە؛ بۆ وێنە: دەتوانرێت گەمارۆی مەرجەکانی دەرچوون یاخ دەرنەچوونی قوتابیان بدرێت و بە زانینی ئەم مەرجانەوە، رێنومایی قوتابیان بکرێت و دەرچوون یان سەرکەوتن وەدەست بهێنرێت.

بە هەمان شێوە، بە گەمارۆدانی هۆیەکانی خواربوونەوەی سکەی شەمەندەفەر دەتوانین بارودۆخی خوار نەبوونەی ئەم سکەیە برەخسێنین. ئەویش بە بەجێ هێشتنی ماوەیەك لە نێوان بەشەکانی ئەم سکەیەدا.

تایبەتییەکانی لێکۆڵینەوەی بواری دەروونناسی

١ ـ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی رەوشتە.

٢ ـ بایەخ بە ماناو بوون و ئاکامی دەروون نادات هەروەك چۆن زیندەوەرزانی (بایۆلۆژیا) لە لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخ بە مانای ژیان نادات و لە چۆنایەتیی پێکهاتنی لەش و جم وجوول و گەشەکردنی زیندەوەران دەکۆڵێتەوە؛ ئەئاواش، دەروونناسی لە دەروون ناکۆڵێتەوە بەڵکوو لە رەوشت دەکۆڵێتەوە.

٣ ـ خۆی خەریك ناکات بەو کارانەی کە بە لێکۆڵینەوە رەوانییەکان یان گیانییەکان ناو دەبرێن؛ وەك بانگهێشتنی گیانان و دواندنی مردووان.

هەر وەها زۆربەی زانایانی دەروونناسی بایەخێکی ئەوتۆ بە لێکدانەوەی دیاردەی بیرەبازی، telepathy ، نادەن.

بیرەبازی واتا تێپەڕبوونی بیر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بە بێ بەشداربوونی هەستکارەکان لەم دیاردەیەدا.

٤ ـ هەروەها دەروونناسی لاف زانینی خوو و نهێنییەکانی خەڵك لێنادات، بە پێی شێوەی نیوچەوانیان، یان شێوەی چەناگەیان یان بریسکانەوەی چاوەکانی ئەم خەڵکەوە. هەروەها بە بێ لێکولینەوەو بەڵگەی زانستی لافی زانینی ئایندەی هیچ کەسێك لێنادات.

لکەکانی دەروونناسی

لەبەر ئەوەی، وەك بۆمان دەرکەوت، رەوشت گەلێ بەربڵاو و فرەچەشنەو پەل وپۆی بۆ هەر لایەنێکی ژیان هاویشتوە، کە مرۆڤ چالاکییەکانی خۆی تێدا نواندبێت یان دەر خستبێت؛ دەروونناسی بە پێی ئەم بەشە تایبەتییانەی رەوشت بۆ چەند لکێك دابەش کراوە؛ بۆ ئەوەی هەر لکەو لایەنێکی رەوشتی تایبەت بە بەشێکی ژیانی مرۆڤ بەخۆیەوە بگرێت و بە دوایدا بچێت و لێ بکۆڵێتەوە. هەر چەند ئەم لکانە هەر هەموویان لە چوارچێوەی دەروونناسی دان و لێی ناچنە دەرەوەو هەر هەموویان لە رەوشت دەکۆڵنەوە بەڵام هەر یەکەیان، جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا هەیە؛ ئەویش هەر لەبەر لایەنە تایبەتییەکەی رەوشت.

ئەو لکانەی کە لێرەدا، تەنیا پێناسەیان دەکەین، رەنگە هیچ کتێبێکی لەمەڕ دەروونناسی گشت زۆربەیانی فەرامۆش نەکردبن، بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە، پەنجە بۆ هەموویان درێژ بکەین و لەم باسەدا شوێنیان بۆ بکەینەوە، لەبەر ئەوە، لکە دەروونناسییەکانی ناو ئەم باسە ژمارەیان لە ژمارەی لکەکانی ئەم زانستەی ناو هەر کتێبێکی لەمەڕ دەروونناسی گشت پترە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئێمە لە خۆمانەوە چەند لکێکمان خستێتە سەر لکەکانی دیکە؛ بەڵکوو ئەوە دەگەیەنێت، رەنگە لە کاتی دانانی کتێبەکاندا، هێشتا نەگەیشتبنە ئەو رادەیەی کە بە لکی سەر بە خۆ دابنرێن:ـ

١ ـ دەروونناسی گشت: بە دەروازەی هەموو لکەکانی دیکەی دەروونناسی داندراوە. لە چالاکییە گشتییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە؛ واتا بۆ وەدەست هێنانی ئەو سەرەتاو یاسایانەی کە بەسەر رەوشتی هەر مرۆڤێکی پێگەیشتووی ئاسایی رابنرێت هەوڵ دەدات، بۆ نموونە:
یاسا گشتییەکانی فێربوون، کە بەسەر هەر چەشنە فێربوونێك دا رادەنرێت، فێربوونی خوێندنەوە، فێربوونی نووسین، فێربوونی پیشەیەك، فێربوونی بەکار هێنانی چەك... لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم لکە: ئاژۆکان، وروژان، فێربوون، زانین، بیرکردنەوە، بیرکەوتنەوە، ژیریو کەسایەتییە.

٢ ـ دەروونناسی ئەندامناسی (فیزیۆلۆژی): ئەم لکە ئەو لایەنانە بە خۆیەوە دەگرێت کە پەیوەندییەکی بە هێزیان بە کردەکانی هۆشەوە هەیە؛ وەك کاری مێشك، کاری کۆ ئەندامی دەمار، کاری مێشك، کاری کۆ ئەندامی دەمار، کاری ئەندامەکانی هەست کردن؛ چاو، گوێ، لووت، زمان، پێستەو کاری لوە یەکسەر رژێنەکان (Ductless glands).

٣ ـ دەروونناسی ناسین: لەو لایەنانەی رەوشتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە کە تایبەتن بە: زانین (کردەی زانین)، وریایی، فێربوون بیرەوەری، ناسینەوە. ئەم لکە، لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ زانینی جیاواز لە وروژان و ئارەزوە:

٤ ـ دەروونناسی جیاکاری: لە جیاوازییەکانی تاکەکەسان، گرووپان،

نەتەوان Nations رەسەنان Races هۆی ئەم جیاوازیانەو چۆنایەتی روودانی ئەم جیاوازیانە دەکۆڵێتەوە. زانایانی ئەم لکە، پشت بە پێوەرە سایکۆلۆژی یەکان دەبەستن، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا.

٥ ـ دەروونناسی گەشەکردن: لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی گەورەبوون یان هەراش بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو هەوڵ دەدات تایبەتمەندی یەکانی هەر قۆناغێك روون بکاتەوە. بەم پێیە ئەم لکە ئەم بەشانەی لێ دەکەوێتەوە:

أ ـ دەروونناسی ساوایی. ب ـ دەروونناسی منداڵی حـ ـ دەروونناسی تازەپێگەیشتوان، دەروونناسی لاوی. د ـ دەروونناسی پیری.

٦ ـ دەروونناسی بەراوردکاری: رەوشتی مرۆڤ و ئاژەڵ، منداڵ و پێگەیشتوو مرۆڤی سەرەتایی و مرۆڤی شارستان، رەوشتی ئاسایی و رەوشتی نائاسایی لەگەڵ یەکدی بەراورد دەکات.

٧ ـ دەروونناسی کۆمەڵایەتی:ـ ئەم لکە لە رەوشتی کۆ یان رەوشتی گەل (بە واتای چەند کەسانێکی پێکەوە) دەکۆڵێتەوە. هەر وەسا لە کردەی تێکچرژانی کۆمەڵایەتی و ئاشنابوونی منداڵ بە کەلتووری کۆمەڵەکەی و زاخاودرانی بەم کەلتوورەوە دەکۆڵێتەوە وێرای دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەری یەی کە گەل لە کردەی گەشەکردنی کەسایەتی دا هەیەتی.

هەر وەها هەوڵ دەدات لەو بارودۆخانەی کە دەبنە هۆی پەرەسەندنی گەلە کۆمەڵایەتی یەکان و گەشەکردنی کردەکانی هۆش بگات.

هەر وەها لە رەوشتی تاکەکەسی ناو کۆمەڵێك و هەر رەوشتێکی دەکەوێتە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە.

٨ ـ دەروونناسی نەسازاوان: بە گشتی لە رەوشتی نەسازاوان دەکۆڵێتەوەو بەتایبەتیش لە نەساخی یە هۆشی یەکان (شێتی) و هۆش کزی (دەبەنگی) و تاوان دەکۆڵێتەوە.

٩ ـ دەروونناسی ئاژەڵ: لە بنچینە گشتی یەکانی رەوشتی ئاژەڵە جۆربەجۆرەکان دەکۆڵێتەوە. بایەخ و گرنگی ی ئەم لکەی دەروونناسی لەوەدایە کە ئەزموون و تاقیکردنەوەی زانستانە لە بارەی رەوشتی ئاژەڵەوە گەلێ ئاسانترە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی رەوشتی مرۆڤەوە، کە لە هەندێ باردا هەر نالوێت بکرێت.

بە هۆی ئەو ئەزموونانەی لەبارەی رەوشتی ئاژەڵەوە، زانایان توانیان لە کردەکانی مێشك بگەن و شوێنە تایبەتی یەکانی جوولەکردە، هەستەکردە دیاری بکەن هەر وەها لەبارەی کردەی فێربوونەوە سوودێکی زۆر لەم ئەزموونانەوە، وەدەست هێنراوە.

١٠ ـ دەروونناسی کەسایەتی: ئەم لکە بە دەروونناسی (دینامیکی)یش ناو دەبرێت و لە ئاژۆو بزوێنە خورسك و وەدەست هێنراوەکان دەکۆڵێتەوە.

١١ ـ دەروونناسی پەروەردەیی: یاساو بنچینە دۆزراوەکانی دەروونناسی بەسەر لایەنەکانی پەروەردەو فێرکردندا رادەنێت و چارەسەری گیروگرفتەکانی بواری پەروەردە دەکات وەك: دەبەنگی و پاشکەوتنی قوتابیان لە خوێندنداو گوێ نەدانیان بە یاساو پێکارەکانی قوتابخانەو هەر وەها دۆزینەوەی باشترین رێگەی فێرکردن و رەخساندنی گونجاوترین بارودۆخی فێربوون و راهێنانی قوتابیان لەسەر خوو و رەوشتی پەسندو بە کەلك و دانان و ئامادەکردنی بەرنامەو کتێبەکانی پۆلە جۆر بەجۆرەکانی خوێندن لەبەر رۆشنایی توانست و بنچینەکانی گەشەکردنی فێرخوازان و دۆزینەوەی باشترین رێگەی فێرکردنی بابەتە جۆربەجۆرەکانی خوێندنی وەك: بیرکاری، خوێندنەوە، زمان، مێژوو، جوگرافیا...

١٢ ـ دەروونناسی چارەسەرکاری: لە رێگەو شێوازی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان دەکۆڵێتەوەو ئەم لکە بۆ چەند بەشێك، بە پێی گیروفتەکان دابەش کراوە، لە چارەسەر کردنێکی بارێکی سووکی گیروگرفتی دەروونی یەوە تا دەگاتە دژوارترین نەخۆشی دەروونی هۆشی؟

أ ـ دەروونناسی رابەری: counseling psychology ئەم بەشە بایەخ بە چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفتی نەسازان دەدات؛ وەك: نەسازانی کۆمەڵایەتی، نەسازانی پیشەیی، نەسازانی پەروەردەیی....

ب ـ دەروونناسی کلینیکی: لە شلەژانەکانی کەسایەتی دەکۆڵێتەوەو هەوڵ دەدات ئەم شلەژانانە دەست نیشان بکات و بەشێوازی گونجاو چارەسەریان بکات.

حـ ـ دەروونناسی پزیشکایەتی: ئەم بەشەیان بایەخ بە نەخۆشی یە هۆشی یەکان دەدات و هەوڵ دەدات چارەسەریان بکات.

جاران پزیشکەکانی سەر بەم لکە لە جۆرەکانی (شێتی، insanity) یان دەکۆڵی یەوە بەڵام لە مەودوا خویان بۆ نەساخی یەکانی دەروونی ـ دەماری، Psycho neurosis تەرخان کرد، ئەم نەساخی یە جۆر بەجۆرا نەش لە بنچینەدا دەروونین و تووشی ئەو کەسانە دەبن کە هەرگیز شێت نین.

١٣ ـ دەروونناسی تاوانکاری: ئەم لکە بەشێکە لە سایکۆلۆژیای نەسازاوان؛ لە هۆکارەکانی ئاژۆو بزوێنەکانی رەوشتی تاوانبار کە دەبنە هۆی تاوانێك دەکۆڵێتەوە، پێشنیازی گونجاوترین جۆری سزای تاوانبارو چارە سەرکردنی دەکات.

١٤ ـ دەروونناسی سەربازی یان جەنگی: یاساو سەرەتاکانی دەروونناسی، لەناو سوپادا بەکار دەهێنێت لەپێناو بەرز کردنەوەی توانستەکانی جەنگاوەران و پێوەرە دەروونناسی یەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئەفسەرو سەربازی توانا بەکار دەهێنێت و لەبەر رۆشنایی توانست و ئامادەگی یە دەستنیشانکراوەکان بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی سوپا دابەشیان دەکات.

هەروەها سوود لە یاساکانی فێربوون دەبینێت بۆ مەشق پێکردنی سەربازی و بایەخێکی زۆریش بە هۆکارە دەروونناسی یەکانی باش بەکارهێنانی هەستکارەکان لە پانەگۆرەکانی کوشتار دا دەدات.

هەروەها لە بنچینە دەروونناسی یەکانی جەنگی دەروونی دەکۆڵێتەوە.

١٥ ـ دەروونناسی دادگایی: لەو هۆکارە هەست پێ کراو و هەست پێ نەکراوە دەروونی و هۆشیانەی کە رەنگە کار لە؛ دادوەر، تاوانبارکراو، پارێزەر، تاوان لێ کراو، ئاگادارکار، بینەر [٤] جەماوەر بکات لە کاتی بریاردانێکی دادگایی دا دەکۆڵێتەوە.

لەو بارودۆخ و هۆکارانەش دەکۆڵێتەوە کە کار لە دادوەر دەکات کاتێ کە بەڵگەو نیشانەکان هەڵدەسەنگێنێت و بڕیارێك دەدات و سزایەك دادەنێت.

هەر وەها لەو هۆکارانەش دەکۆڵێتەوە کەوا لە تاوانبارکراو و پارێزەر دەکات ڕاستیی ڕووداو بشارنەوە.

هەر وەها لەو هۆکارانەی کار لە بینندە دەکەن دەکۆڵێتەوە؟ وەك بارودۆخە دەروونییەکەی، هەستکارەکانی، بیرەوەریی، کە ڕەنگە، بێ ئەوەی خۆی بیەوێت، وای لێ بکەن لە ڕاستی دوور بکەوێتەوە.

١٦ ـ دەروونناسیی پیشەیی یان پیشەسازی:ـ هەوڵی زیاد کردنی بەرهەمی کارگەکان یان کارگەران دەدات، کاتێ کە زانستیانە چارەسەری گیروگرفتەکانی بواری کردەی بەرهەم هێنانی پیشەسازی دەکات.

لەم ئەرکەیشی‌دا، ڕەچاوی پاراستنی تەندروستی، کارگەران و ڕێزلێنانیان دەکات. لەو بارودۆخانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی زۆرترین بەرهەم و چاکترین جۆر لە کەمترین کاتداو بە کەمترین ماندووبوون. ئەم لکەی سایکۆلۆژیا لە (نموایی پیشەیی، هەڵبژاردنی پیشەیی، مەشق پێکردنی پیشەیی، شیکردنەوەی کارە جۆر بە جۆرەکانی پیشەسازی دەکۆڵێتەوە. وێرای ئەمانەش، بایەخێکی زۆر بە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانی نێوان کارگەرو هاوکارەکانی و کارگەرو خاوەن کار گەکان دەدات.

١٧ ـ پێوانە یان پێوەرە دەروونناسیی یەکان. زانستێکە هەوڵی پێوانی توانستە کەسایەتییەکان و نیشانەکانی مرۆڤایەتی دەدات. بۆ ئەم مەبەستەش پێوەری جۆر بەجۆر دەدات.

پێشکەوتووترین جۆری پێوەرەکانیش پێوەرەکانی هۆشە؛ کە توانستەکانی هۆش دەپێوێت، وەك توانستە زمان، توانستە مۆزیقە، توانستە میکانیك، توانستە بیرکاری کە بە توانستە تایبەتەکان ناو دەبرێن. هەر وەها پێوانی بروا و نیشانەکانی کەسایەتیش بەرەو پێش هاتووە.

١٨ ـ دەروونناسیی بازرگانی: ئەم لکە بایەخ بە بزوێن و ویستەمەنییەکانی کڕیاران دەدات و برواو ڕێبازە بیرییەکانیان لەبارەی شتومەکەکانی ناو بازارەوە هەڵدەسەنگێنێت... هەر وەها لە بنەڕەتە سایکۆلۆژییەکانی کردەی فرۆشتن دەکۆڵێتەوەو گرنگی بە هەڵبژاردنی فرۆشیاری لێهاتووو چۆنایەتیی کارتێکردنی فرۆشیاران لە کڕیاران بۆ فرۆشتنی شتێك دەدات. سەرباری ئەمانەش، لە کاریگەریی پڕوپاگەندەو جۆرو ڕەنگ و قەوارە و جێگاو دوپات کردنەوەو کلێشەی ئەم پڕوپاگەندەیە دەتوێژێتەوە.

١٩ ـ دەروونناسیی زمان:ـ لە پەیوەندیی نێوان دیاردەی زمان و دیاردە هۆشییەکانی وەك: بیرکردنەوە، ئەندێشە، بیرکەوتنە، وروژان دەکۆڵێتەوە. ئەم لکە سێ لایەنی هەیە:ـ

أ ـ لایەنی سەرهەڵدانی دیاردەی زمان: لەو کردە ئەندامیی و هۆشیی و کۆمەڵایەتییانە دەبنە هۆی گۆ کردن و پێکهێنانی مانا زمانییە جۆربەجۆرەکان دەکۆڵێتەوە.

ب ـ لایەنی کردەی لە زمان گەیشتن: ئەم لایەنەش لە چۆنایەتیی کردەی قوستنەوەی واتای زمانی دەکۆڵێتەوە.

حـ ـ لایەنی زمانی فێربوون: جاران، ئەم لایەنە بەشێك بوو لە دەروونناسیی منداڵی؛ لە چۆنایەتی و بنەڕەتەکانی زمانی فێربوونی منداڵان دەکۆڵێتەوەو یەکە یەکە ئەو قۆناغانەی کە ئەم جۆرە فێربوونەی پێدا دەڕوات شی دەکاتەوەو لێکیان دەداتەوە و پەرەسەندنی زمان فێربوون و گەشە کردنی هۆش و کارتێکەرە ڕۆشبیریی و کۆمەڵایەتییەکان بە یەکدی دەبەستێتەوە. ئەوەی شایانی وەبیر خستنەوەیە، ئەوەیە کە دیاردەی زمان سەرەرای ئەوەی بابەتی (زانستی زمان)ە، جگە لە دەروونناسی زانستی دیکەش لێی دەکۆڵنەوە، وەك: کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) فیزیا... کە هەر یەکەیان لکێکی زانستەکەی بۆ تەرخان کردووە وەك: سۆشیوزمانناسی، ئەنترۆزمانناسی...

٢٠ ـ دەروونناسی جوانکاری: پێشی دەگوترێ (دەروونناسی هونەری). ئەم لکە شیکردنەوەی کردەی داهێنانە هونەرییەکان بەخۆیەوە دەگرێت و لە کاریگەرییەکانی بەرهەمە هونەرییەکان دەکۆڵێتەوەو بایەخ بە بنچینە دەروونییەکانی جوانکاری و چێشەوەرگرتن دەدات لە بەرهەمە هونەرییەکاندا.

دەروونناسی و زانستەکانی‌تر

دەروونناسی یەکێکە لەو زانستانەی کە بە زانستەکانی ڕەوشت ناسراون؛ وەك فیزیۆلۆژیای مێشك، مرۆڤناسی (علم الانسان، Anthropology)، میللەتناسی یان نەتەوەناسی (علم الأمم Ethnology)، کۆمەڵناسی و پزیشکایەتیی هۆش.

ئەم زانستانەش پەیوەندییەکی بە هێزیان بە یەکدییەوە هەیە.

خۆ لێك جوداکردنەوەی بواری دەروونناسی و بواری فیزیۆلۆژیا؛ لە هەندێ باردا، وەختە، هەر نەکرێت.

بەڵگەی ئەم قسەیەیش؛ هەبوونی زانستێکی نێوان ئەم دوو زانستەیە کە بە سایکۆفیزیۆلۆژیا (Psychophysiology) ناسراوە.

جیاوازیی نێوان دەروونناسی و فیزیۆلۆژیا بە دانانی پلە بۆ بواری هەر یەك لەم دوو زانستە دەردەکەوێت، بواری لێکۆڵینەوەی زانای دەروونناسی. لەوەوە دەست پێ دەکات کە زیندەوەر بە گشتی دەکەوێتە بەر کاریگەریی شوێنەوارەوە، فرمانی کۆ ئەندامی دەماریش ـ کە بواری لێکۆڵینەوەی فیزیۆلۆژیایە ـ دەقاودەق دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان کاردانەوەو ئەو دنەدەرانەیە کە کار لەم کۆ ئەندامە دەکەن، لەمەدا، دەر دەکەوێت چۆن زانای فیزیۆلۆژیا ـ کە لە فرمانی کۆ ئەندامی دەمار دەکۆڵێتەوە ڕوو بە ڕووی ئەو گیروگرفتانە دەبێت کە زانای دەروونناس بایەخیان پێ دەدات و لێیان دەکۆڵێتەوە... بە هەر حاڵ، ئێمە خۆمان بەوە قایل دەکەین کە دەروونناسی لەڕەوشتی یەکگرتووی زیندەوەر بەگشتی دەکۆڵێتەوەو فیزیۆلۆژیاش لە فرمانی کۆئەندامی دەمار دەکۆڵێتەوە بە تەنیاو بێ ئەوەی گوێ بداتە زیندەوەرەکە بەگشتی و

شوێنەوارەکەی ئەم زیندەوەرە. . .

هەروەهــا دەروونناسی پەیوەندی‌یەکی پتەوی لەگەڵ زیندەوەرزانی‌و کۆمەڵناسی‌دا هەیە. ئەو مرۆڤەی کە سایکۆلۆژیا لە رەوشتەکەی دەکۆڵێتەوە بوونەوەرێکی زیندووەو رەوشتەکەی بەندە بە پێکهێنەرە بایۆلۆژی‌یەکانی‌یەوە: لەشی، لوەکانی، مێشکی و ئەندامە جۆربە جۆرەکانی دیکەی؛ ئەمەش لە پەیوەندی‌ی نێوان زیرەکی‌و بەهرە تایبەتەکان و جوولە کارامەیی‌یەکان بە کۆئەندامی دەمارەوە بە روونی دەردەکەوێت. هەروەها تێکچوونی لوەکان، یان پووکانەوەی بەشێکی مێشك کارێکی زۆر لە کەسایەتی و هۆشدروستی‌ی مرۆڤ دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین کە کۆمەڵ بە خوو رەوشت و نەریتەکانی‌یەوە کارێکی زۆر لە مرۆڤ دەکات، خۆ ئەگەر بهاتایەو ئێمە لەم کۆمەڵەی خۆماندا پەروەردەو گەورە نەبووینایەو لە کۆمەڵێکی دیکە بووینایە ئەوا خوو رەوشت و برواو ریبازو ئایین و جل وبەرگ و زمانمان وەکوو هی ئێستامان نەدەبوو.

رەوشتی مرۆڤ، رەوشتێکە، لە زیندەوەرێکەوە دەردەچێت کە لە ناو کۆمەڵێکدا دەژێت، لەبەر ئەوە، لەپێناو لێکدانەوەی رەوشتەکەی‌دا دەبێت لایەنە ئۆرگانی‌یەکەی‌و لایەنە کۆمەڵایەتی‌یەکەی رەچاو بکرێت؛ بۆ ئەمەش زیندەوەرزانی‌و فیزیولۆژیا رێی زانینی لایەنە ئۆرگانی‌یەکەیمان بۆ دەست نیشان دەکەن و کۆمەڵناسی‌و مرۆڤناسی‌و نەتەوەناسی لایەنە کۆمەڵایەتی‌یە کەیمان بۆ روون دەکەنەوە.

پەراویز

---

١ ـ بروانە: مستەفا پەژار، بەرەوسایکۆلۆژیا. گۆڤاری‌کاروان. ژمارە (٣٦)، ١٩٨٥ ـ ل٧٥ ـ.

٢ ـ رەنگە هەندێ‌کەس بڵێن (رۆ) نەك (رەو) رەگی فرمانی (رۆیی، دەروا، برۆ)یە بەڵام تێرامانێکی ورد دەری‌دەخات کە (رۆ) هەر (رەو)ەکەیەو هەردوو فۆنیمی (ە)و (و) گۆڕاون بووین بە (ۆ).

٣ ـ هەندێ نووسەر لەباتی وشەی (رەوشت) وشەی (رەفتار) بۆ بواری سایکۆلۆژیا بەکار دەهێنن بەکارهێنانی وشەی (رەفتار) بۆ ئەم مەبەستە راست نی‌یە؛ چونکە وشەکە لە وشەی (رەفت)و پاشگری (ار)ەوە پێکهێنراوە؛ رەفت لە شێوەی فرمانی یان کرداری رابردوو دایەو لە کوردی‌دا، فرمانی رابردوو کە پاشگری (ار)ی پێوە لکێنرا دەبێتە ناوی بکەر بۆ نموونە وەك: کری ـ کریار.

دزی ـ دزیار. زانی ـ زانیار. . . . نەك ناوی (کردەوە). پاشگری (ار)ی کوردی هەروەك پاشگری er) ئینگلیسی وایە کە ئەویش فرمان دەکات بە ناوی بکەر:ـ buyer - buy.

.learner - learn. reader - read. writer - write .... teacher - teach

لەبەر ئەوە بەکارهێنانی وشەی (رەفتار) بە مانای (رەوشت، السلوك، behaviour) راست نی‌یە.

٤ ـ بیرەبازی: لەسەر شێوەی یەك بازی، سیٰ‌بازی دارێژراوە. (باز) وەك پاشگر لە هەندێ وشەی دیکەی کوردی‌دا. هەیە وەك: بەردەباز، دارەبازە، رێباز، چاوباز، شاباز، ئێمە کە لە مانای ئەم پاشگرە ورد دەبینەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە مانای جۆرە تێپەڕینێك بەخۆیەوە دەگرێت، چونکە بەردەباز، ئەو بەردەیە کە خەڵك بە سەری‌دا دەپەڕێتەوە یان باز دەدا.

دارەبازەش: واتا ئەو دارەی مردووی پێ تێدەپەڕێندرێت. . .

رێباز: واتا ئەو رێیەی خەلکی پێدا تێدەبەرێت.

دەمێنێتەوە (بازدان)و (شاباز)و (چاوباز). (بازدان)یش مانای جۆرە هەنگاونانێك بەخۆیەوە دەکرێت ئەویش هەر مانای تێپەڕبوونە.

شاباز: واتا بازی گەورەو وئەمەش هەروەسا مانای تێپەڕبوون بە خۆیەوە دەگرێت. وشەی (چاوباز)یش مانای ئەو کەسەیە کە چاوی لە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بازدەدا. ئەمەش هەر واتای تێپەڕبوونە.

ئەم بۆ چوونە وا لە پیاو دەکات کە وشەی (باز)ی زمانی کوردی‌و وشەی (پاس)؛ (pass) یان (pas) ی زمانی‌ئینگلیسی ـ کەهەردووکیان مانای تێپەڕبوون بەخۆیانەوە دەگرن ـ بەراورد دەکات بۆ ئەوە بچێت کە لە بنەڕەت دا یەك بن یان بنەڕەتێکی هاوبەشیان بووبێ.

بەهەرحال وشەکانی: pass و pas و path ی زمانی‌ئینگلیسی جۆرەلێك نزیکی‌یەکیان چ لەماندا و چ لەدەنگ دا هەیە و رەنگە ئەوانیش لە بنەڕەت دا هەر یەك بووبن و لە سەر بناخەی ئەم بۆچوونەماندا وشەی (بیرەبازی) مان بە مانای telepathy کە واتا تێپەربوونی بیر لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی‌تر کردە زاراو

٥ ـ بیننده: بۆ وەدەستەوەدانی واتای (ئەو کەسەی رووداوێکی بینیوە) داندراوە کە بە عارەبی (الشاهد) ی پێ دەڵێن؛

ئەم وشەیە لە رەگی فرمانی (بینین)ەوە کە (بین)ەو پاشگری (ندە)ی کوردی‌دارێژراوە، کە دەبێتە (بیننده) وەك گەلێ وشەی دیکەی کوردی؛ فرندە، باڵندە درندە، گۆیندە. . .

لیستەی زارەوەکانی ئەم باسە

کوردی	عارەبی	ئینگلیسی
بوار	میدان، مجال	Field
دەروونناسی (سایکۆلۆژیا)	علم النفس	Psychology
کردە	عملية	Process
شارستانەتی	الحضارة، المدنية	Civilization
بابەت	موضوع	Object
بنچینە	أساس	Base
بەرهەم هێنان	إنتاج	Production
رەوشت	السلوك	Behaviour
زیندەوەر	الكائن الحي	Organism
شوێنەوار، ژینگە	بيئة، محيط	Environment

هۆش	العقل، ذهن	Mind
مێشك	مخ، دماغ	Brain
شارەزایی	الخبرة	Experience
ئاسایی	العادي، السوي	Normal
نائاسایی	غير عادي، غير سوي	Abnormal
جم وجوول	حركة، تصرف	Manner
چالاكی	نشاط، فعالية	Activity
سەرجەم، كۆ	مجموع	total
ویستەمەنی	حاجة	Need
نەریت	عرف، تقاليد	Tradition
ململانێ	صراع	Inflect
وروژان	إثارة، إنفعال	Emotion
بیركردنەوە	التفكير	Thinking
بیناندن	تصوّر، تخيّل	Imagination
بیرەوەری	ذاكرة	Memory
ویستە	ارادي	Will
زاناندن	ادراك	Perception
لایەن	جانب	Aspect
دەروونناسی گشت	علم النفس العام	General Psychology
دەروونناسی فیزیۆلۆژی	علم النفس الفسلجي	Psyiological Psychology
سەرنجدان	ملاحظة	Observation
گفتوگۆی ڕوویەروو	المقابلة	Interviwing
ڕاوەرگرتن	الاستفتاء، الاستبيان	Questionaire
پێوانە، پێوەر	اختبار (قياس)	Test
ئەزموون، تاقیكردنەوە	اختبار (تجربة)	Experiment
ڕێگە، شێواز	طريقة، اسلوب	Method
گیروگرفت	مشكلة	Problem
خۆرسك	فطري	Inborn. Innate
وەدەست هێنراو	مكتسب	Acquired
هۆكار	عامل	Factor
دیاردە	ظاهرة	Phenomenon
گەمارۆ	ضبط، حصر	Control
خەون	الحلم	Dream
بیرەبازی	تخاطر الأفكار	Telepathy
لك، لق	فرع	Branch
لوویەكسەر ڕژێنەكان	الغدد الصم	Ductless Glands
دەروونناسی ناسین	سيكولوجية التعرف	Cognitive Psychology
دەروونناسی جیاكاری	علم النفس الفارقي	Differential psychology

دەروونناسی گەشەكردن	سيكولوجية النمو	Develop mental psychology
دەروونناسی ساوایی	سيكولوجية الرضّع	Infant psy chology
دەروونناسی تازە پێ گەیشتوان	سيكولوجية المراهقة	Adolescent Psychology
دەروونناسی لاوی	سيكولوجية الشباب	Adult psychology
دەروونناسی پیری	سيكولوجية الشيخوخة	Gerontology
دەروونناسی بەراوردكاری	علم النفس المقارن	Comparative psychology
دەروونناسی كۆمەڵایەتی	علم النفس الاجتماعي	Social psychology
دەروونناسی نەسازاوان	علم النفس الشواذ	Abnormal psychology
دەروونناسی ئاژەل	علم نفس الحيوان	Animal psychology
دەروونناسی كەسایەتی	سيكولوجية الشخصية	Personalistic psychology
دەروونناسی پەروەردەیی	علم النفس التربوي	Educatinal psychology
دەروونناسی چارەسەركاری	علم النفس العلاجي	Clinical psychology
دەروونناسی ڕابەری	علم النفس الارشادي	Counseling psychology
دەروونناسی سوپایی	علم النفس الحربي او العسكري	Militery psychology
دەروونناسی تاوانكاری	علم النفس الجنائي	Criminal psychology
دەروونناسی دادگایی	علم النفس القضائي	Forensic psychology?
دەروونناسی پیشەسازی	علم النفس الصناعي	Indu strial psychology
پێوانە یان پێوەرەدەروونناسییەكان	القياسات اوالمقاييس العقلية	Psychometry
دەروونناسی بازرگانی	علم النفس التجاري	Commercial psychology
دەروونناسی زمان	علم النفس اللغوي	Psycho linguistic
دەروونناسی جوانكاری	علم النفس الجمالي	Aesthetical psychology
مرۆڤناسی	علم الانسان	Anthropology
نەتەوەناسی	اثنولوجي (علم الامم)	Ethnology
زیندەوەرزانی	علم الأحياء (الحياة)	Biology
كۆمەڵناسی	علم الاجتماع	Sociology
كۆئەندامی دەمار	الجهاز العصبي	Nervous System
ڕانان	تطبيق	Application
پەروەردە	التربية	Education
ژیری، زیرەكی	الذكاء	Intellig ence
مرۆڤی سەرەتایی	الانسان البدائي	Primitive society man
ڕەسەن	عنصر، عرق	Race
گریمانە	فرض، فروض	Hypothesis
كاردانەوە، وەڵامدانەوە	رجع، إرجاع إستجابة	Reaction Response
خوو	عادة	Habit
ئامارە	إشارة	sign
ترس	الخوف	fear
هەڵوێست	الموقف	Situation

سەرچاوەکان

- صعت مصـور واخـرون: أسـس عنم النفس العـام القـاهـرة: مكتبـة
ـكنو المصرية. ١٩٧٨.

٢ - حمـد عزت راجـح: أصـول علم النفس ط٧. القـاهـرة: دار الكتاب
عربي لنطباعة والنشر. ١٩٦٨.

٣ - وربـر. هنـرى. سپـاركس: علم النفس العـام. ط٣. ترجمـة الدكتور
ـرهيم يوسف المصور. بغداد: مطبعة جامعة بغداد. ١٩٨١.

٤ - ركس ثابت ومـارجـريت ثابت: المـدخـل الى علم النفس الحـديث.
ط٣ تعـريـب الـدكتـور عبـد علي الجسمـاني. بغـداد: مكتبة افاق عربية
ومكتبة الفكر العربي. ١٩٨٤.

٥ - ج ك. فلوجـل: علم الـنفس في مائـة عام. ترجمـة لطفي فطيم.
بيروت. دار الطليعة للطباعة والنشر. ١٩٧٣.

٦ - موريس روكلان: تاريخ علم النفس. ترجمة علي زيعور وعلي مقلد.
بيروت: منشورات عويدات. ١٩٧٢.

٧ - جابر عبدالحميد جابر واحمد خيري كاظم: مناهج البحث في التربية
وعلم النفس. القاهرة: دار النهضة العربية. ١٩٧٣.

٨ - مستەفا پەژار: بەرەو سایكۆلۆژیا. گۆڤاری كاروان. ژمارە ٣٦. مطبعة
افاق عربية. ١٩٨٥.

٩ - موفق الحمداني: اللغة وعلم النفس. الموصـل: مطابع مديرية دار
الكتب للنشر. جامعة الموصل. ١٩٨٢

١٠ - فاخر عاقل: مدارس علم النفس. بيروت: دار العلم للملايين.
١٩٦٨

١١ - اسعـد رزوق: موسوعة علم النفس. بيروت: المؤسسـة العربيـة
للدراسات والنشر. ١٩٧٧.

12 - Crow. Lester. D.and Crow. Alic Educational Psychology 3rd Indian Reprcnt
Delhe: Eurasia Publishing Hous. 1973.

ميدان علم النفس

●مصطفى ابراهيم محمد /أربيل

ملخص البحث:

يستهدف الباحث بحثه تبيان اهمية الجانب الأنساني في عملية التطور
حضاري التي تؤدي بقضايا علم النفس الى ان تحتل المركز الاول من
بين قضايا العلوم الاخرى.

وبالرغم من ان عملية التطور الحضاري لايستند على الجانب الانساني
وحده. بل كذلك يستند على البعد المادي الاقتصادي، الا أن الانسان هو
الذي يقوم باستخدام الموارد الاقتصادية ويجعل منها وسائل ومصادر لحياته
ولان الأنسان هو محور العلم والفن والعمل والانتاج والاقتصاد
والسياسة، نرى ان قوانين علم النفس انسابت وتنساب الى كافة نواحي
الحياة. لان هذا العلم يقوم بتفسير ومعالجة المشاكل المختلفة للانسان.

لا ن مما يؤسف له. إنه لم يكتب حول اي قضية من قضايا هذا العلم
باللغة الكردية لحد الآن كتابة وافية.

وحسب راي الباحث فقد يكون مرد ذلك:-

١ - عدم توفر مصطلحات كردية لهذا العلم.

٢ - عدم دراسة هذا العلم باللغة الكردية.

٣ - عدم ظهور المتخصص الملم باللغة الكردية.

على اية حال. ان حقل علم النفس باللغة الكردية أرض بور. وان هذا
الواقع يحمل البحث السيكولوجي باللغة الكردية عبءا ثقيلا ومشقة كبيرة
ومسؤولية تاريخية جسيمة. ومحاولة من الباحث لوضع اللبنة الأولى
لاساسيات هذا العلم اختار موضوع ميدان علم النفس للتعريف بهذا العلم
المهم والمتشعب والمتعدد الجوانب.

ومعلوم ان ميدان دراسة علم النفس هو السلوك ومن هذا المنطلق سار
الباحث في بحثه موضحا السلوك لغويا وعلميا وجوانب هذا السلوك وانواع
السلوك والعلم الذي يقوم بدراسة هذا السلوك؛ اهدافه وخصائصه وفروعه.

كان ميدان علم النفس سابقا؛ العقل او الظواهر العقلية او الشعور او
الخبرة لا انه لم يستقر على اي من هذه الظواهر... واحتدمت المناقشات
بين المهتمين به حول ميدان دراستهم، ردحا من الزمن.

ونتيجـة لهـذه الجهـود استقر رأي معظم علماء النفس حول السلوك
كمجال لعلمهم.

ففي سنة ١٩٠٥ تقدم العالم النفسي وليم مكدوگل، ولاول مرة في
تاريخ هذا العلم بتعريف علم النفس كعلم للسلوك عندما قال: «ان علم
النفس هو العلم الموضوعي لسلوك الكائنات الحية.»

ومن بعده قال (بللسبوري)، عند نشره كتابه (أساسيات علم النفس:
Essentials of psychology
- الذي سرعـان ما اصبح مصـدرا معتمدا لعلم النفس في امريكا سنة
١٩١١ - (عرف علم النفس بأنه علم الشعور او علم الخبرة الشخصية.
رغم ان لهذين التعريفين بعض المزايا، فإن عليهما كثيرا من المآخذ...
النفس تعـرف من خلال فعاليـات الانسـان. وعلم النفس - بحسب خير
تعريف له - هو علم السلوك البشري) يسترسل الباحث بعد هذا باسهاب
حول توضيح معنى السلوك اللغوي في اللغة الكردية والعربية والانگليزية.

وعند تصديه لمعنى كلمة (رەوشت: السلوك) علميا فانه يقول: ان
(رەوشت: السلوك) في علم النفس تعني كل مايصدر عن الكائنات الحية.
ولايضـاح اكثر يتطرق البـاحث الى ايضاح العلاقة الديناميكية القائمة بين
الكائن الحي وبيئته... بفعاليات ونشاطات كثيرة ومتنوعة لارضاء متطلبات
حياته واشباع حاجاته ورغباته النفسية وان هذه النشاطات والفعاليات هي
ماتسميهـا (السلوك) وهنـاك السلوك الضمني والسلوك الظـاهـر والسلوك
الارادي وغير الارادي... ولكـل سلوك جوانب ثلاث: الجانب المعرفي
والجانب الانفعالي والجانب الحركي.

هذا ويختتم البـاحث بحثـه بالتطـرق الى علاقـة علم النفس بعلم
الفسيولوجيا وعلم الحيـاة وعلم الاجتماع وعلم الانسـان وعلم الامم
(Ethnology) بعد ان يستعرض الفروع المختلفة لعلم النفس ويقوم بتعريف
هذه الفروع فرعا فرعا...